دڵشاد محەممەد سەعید :

لەسایەی تەحسین تەها بوومە کەمانچەژەن

میدیا - DIHA/ دڵشاد محەممەد سەعید لەبواری موزیکدا گەلێك کارو چالاکی گرنگی ئەنجامداوە، هاوکات خاوەن داهێنانی بەنرخە لەموزیکی کوردیدا، دڵشاد ئێستا بەئامانجی لێکۆڵینەوە لەموزیکی دەنگبێژان لەباکووری کوردستانەو دەیەوێت لەسەر دەنگبێژان لێکۆڵینەوەیەك بکات و بەنیازە ئەو خەباتەی وەکو پەرتوك چاپ بکات. بۆ دیتنی دەنگبێژان دڵشاد سەردانی شاری (وان)ی کرد.

*** ئامانجی هاتنتان بۆ کوردستان چییە؟**

– من هاتووم لەسەر موزیکی کوردی لێکۆڵینەوە بکەم بەتایبەت لەسەر دەنگبێژان. من دەمزانی لەوێدا ماڵی دەنگبێژان کراوەتەوە ئەمەش بۆ من دەبێتە یارمەتیدەرێك و کارەکەم ئاسانتر دەکات. هاوکات ئەو لێکۆڵینەوەیەم دەبێتە پەرتوك لەسەر ریتمی موزیکی مۆزارتو من بەکەمان موزیکی دەنگبێژان لێدەدەم.

*** ئێوە بە کەمان موزیکی رۆژئاواو کوردی دەژەنن ئایا ئەمە زۆر زەحمەت نەبوو؟**

– بەڵێ زەحمەتە، من دەتوانم بڵێم ئەو کارە لەدوو بەش پێکدێت، یەکێکیان ئەوەیە بەتایبەتی لەسەر کەمان کار دەکەم، ئەوەیتریان من هەوڵدەدەم چاندی ئەورووپی و کوردی بەرەنگێکی نوێ بگەیێنمە یەکتری. ئەو کاتەی من دەبینم خەڵك گوێ لەموزیکی من دەگرن من زۆر دڵخۆش دەبم، لەگەڵ ئەوەش ئەگەر ئەو کەسە بیانی بێت، ئەو موزیکەی منی بەلاوە غەریب نابێت.

*** ئامێری کەمان سەر بەچ کولتوورێکە؟**

– بەتێروانینی من کەمان ئامێرێکی ئەورووپیە، بەڵام پێشتر پێیاندەوت رەبابە، من لەو بروایەدام لەهەرێمی میزۆپۆتامیا دەرکەوتووە ،بەڵام من نازانم هی کام گەلە. پێشتر پێیان وتووە رەبابە بەئینگلیزی پێیدەڵێن رابیك. لەهەرێمی عەرەبان پێیدەڵێن کەمانچە، بەڵام بەتێروانینی من ئەو کەمانە نییە لێرەوە واتە لەکوردستان چووەتە لای عەرەبان و دواتر گەیشتۆتە ئەورووپا، مێژووی ئەو کەمانە نزیکەی ١٠٠٠ تا ١٥٠٠ ساڵ دەبێت.

*** پەیوەندی ئێوە لەگەڵ کەمان بۆ کەی دەگەڕێتەوە؟**

– من لەسەرەتا ئامێری عودو کەمانم لێدەدا، ئەو کاتە کەمانچەژەن زۆر کەمبوو، لەبەر ئەوە من رووم لەکەمان کرد، دوای ئەوەی چوومە قوتابخانە هونەرمەندی خوالێخۆشبوو تەحسین تەها گوتی تۆ عوود لێمەدە، چونکە ئەوانەی عود لێدەدەن زۆرن، کەمان لێبدە باشە، بۆیە من دەتوانم بڵێم لەسایەی سەری ئەو هونەرمەندە من کەمان لێدەدەم.

*** ئایا ئێوە بەم لێکۆڵینەوەتان کە لەسەر دەنگبێژان یاخود موزیکی کوردی دەکەن بەنیازن ئاوازێکی نوێ بخەنە سەر کەمان؟**

– شتێکی لەو بابەتە دروست دەبێت، ئەو کارە بۆ ئاوازی کەمان سەرەتایەکی باش دەبێت بۆ من. موزیکی کوردیش پێشدەکەوێت ئەو کاتەش گوێکرانی موزیکی کوردی لەرووحی موزیکی دەنگبێژان تێدەگەن. هاوکات ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمان دەبێت، من دەمەوێت زیاتر کەمان بەکوردی بکەم و خزمەتی کوردی پێبکەم.

*** جگە لەم لێکۆڵینەوەیە هیچ هەوڵی دیکەتان لەبەردەستدایە؟**

– بەڵێ ئامادەکارییەکی بەمشێوەیە هەیە، من گۆرانی ئەلبومێکم ئامادە کردووە، بەڵام تائێستا دەستم بەسیدییەکە نەکردووە. وەکو ئەلبومی یەکەم موزیکی ئەورووپی و کوردی لەخۆ دەگرێت.

*** بۆ بەرەو پێشچوونی موزیکی کوردی پێشنیارتان چییە؟**

– بەر لەهەموو شتێك سەرکەوتنی هەر شتێك پێویستە لەرێگای زانستییەوە بێت، سەرکەوتن بەتەنها بەکەسێك ناکرێت، پێویستە ئەو سەرکەوتنە بچێتە قاڵبی دەزگایەك و بیکەینە دیارییەك بۆ منداڵانی کورد، تابتوانین لەسەر موزیکی خۆیان شارەزابن بۆ ئەمەش پێشنیار دەکەم خول یاخود پەیمانگا بکرێتەوە ئەو کاتە موزیکی کوردی پێشدەکەوێت.

دڵشاد محەممەد سەعید لە یەکێك لە گۆرانییەکانی ساڵانی هەشتاکاندا

پۆرترێت

دڵشاد محەممەد سەعید ساڵی ١٩٥٨ لەشاری دهۆك لەدایکبووە دوای ئەوەی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی لەبەغدا تەواوکردووە، لەئەکادیمیای مۆزیکی رۆیال درێژەی بەخوێندن داوە لەلەندەن. دوای تەواوکردنی خوێندنی لەلەندەن گەڕاوەتەوە ولاّت و تیپی موزیك و گۆرانی دهۆك-ی دامەزراندووە دواتر ئۆرکسترای دهۆکی سازکرد. لەنێوان ساڵانی ١٩٨٤-١٩٨٨ لەزانکۆی گاللەری گەورەی بەریتانیا لەسەر موزیك نامەی ماستەری وەرگرت. هاوکات لەئەکادیمیاییکی ئاست بەرزی بەریتانیا لەسۆلۆ بەشداربوو، هاوکات لەبەریتانیا بەشداری لەسێ پێشبڕکێی نێوان زانکۆکان کردووەو خەلاّتی یەکەمی وەرگرتووە تائێستا لەگەڵ چەندین موزیکژەنو هونەرمەندی کورد کاری کردووەو هاوکات پێشتر ئەلبومێکی بەناوی Variations on Kurdish Melodies For Violin بەچاپ گەیاندووە.